## فریاکەوتن

ئەگەر پێویستت بە هەرچەشنە فریاکەوتنێک هەبوو ئەوا ئەندامی کارمەندان بە یارمەتی وەرگێڕێکی زارەکی لە سەر هێڵی تەلەفۆن لەگەڵت قسە دەکات.

**فریاکەوتنی پزیشکی**

- یەکسەر برۆ بۆ نزیکترین نەخۆشخانە، بەشی **رووداو و فریاکەوتن (A&E)**

یا

- ئەگەر پێویستت بە ئەمبۆلانس هەبوو بە مۆبایلەکەت تەلەفۆن بکە بۆ ژمارەی **999** یا **112**.

**فریا کەتنی پۆلیسی**

- ژ بە مۆبایلەکەت تەلەفۆن بکە بۆ ژمارەی **999** یا **112**.

## تێبینیەکان، سکاڵاکان و نیگەرانیەکان دەربارەی ئینترەن (INTRAN)

ئێمە دەمانەوێت بیروڕای تۆ بزانین دەربارەی ئینترەن. ئەگەر هەرچەشنە تێبینی، سکاڵا یان نیگەرانیەکت هەیە دەربارەی ئەو خزمەتگوزارییەی کە بەکاری دەهێنی ئێمە پێمان خۆشە گوێ لە دەنگی تۆ بگرین. ئەمە یارمەتیمان دەدات بۆ چاکتر کردن و گەشەپێدانی خزمەتگوزارییەکەمان.

زانینی ناو و چۆنیەتی پەیوەندی کردن لەگەڵ تۆ یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوە وڵامی تۆ بدەینەوە یان ئەگەر پێویستمان بوو داوای زانیاری زیاترت لێ بکەین. بەڵام، ئەگەر پێت خۆش نیە، پێویست ناکات زانیاریەکانی ناونیشانی پەیوەندی خۆت بە ئێمە بدەی.

**تکایە نامە بنێرە بۆ:**

**INTRAN**
**15 Hooper Lane**
**Norwich**
**NR3 4ED**

**یان ئیمەیڵ بنێرە بۆ:**
**intran@norfolk.gov.uk**

**جولای 2008**

# ئەگەر پێویستت بە وەرگێڕی زارەکی هەبوو دەبێت چی بکەی

**ئاژانسی وەرگێڕانی زارەکی و وەرگێڕانی دەقی بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵات**

# ئینترەن (INTRAN) چیە؟

ئنترەن خزمەتگوزارییەکی **خۆڕایی** و نهێنی یە. ئێمە وەرگێڕ و لێوبێژ (واتە lipspeaker)ی زمانی ئیشارەی بریتانی، لەگەڵ وەرگێڕی زارەکی 150 زمانی بیانی دابین دەکەین.

## ڕۆڵ و ئەرکی وەرگێڕی زارەکی

- هەموو وەرگێڕە زارەکیەکانی ئینترەن شارەزان، بە تەواوی ڕاهێنراون وە هەموویان لە لایەن پۆلیسەوە تاقی کراونەتەوە.
- وەرگێڕی زارەکی یارمەتی تۆ و ئەندامی کارمەندان ئەدات بۆ ئەوە لەگەڵ یەکتری قسە بکەن.
- وەرگێڕە زارەکیەکان بەرپرس نین بەرامبەر بۆ ئەو قسانەی کە ئەندامی کارمەندان دەیکات. ئەگەر لە ئەو قسانەی کە دەگوترێت تێ ناگەی تکایە بڵێ.
- وەرگێڕی زارەکی ئامۆژگاریت پێ نادات، بەلام یارمەتیت دەدات بۆ ئەوە لەگەڵ ئەندامی کارمەندان قسە بکەی..
- هەموو ئەو شتانەی کە لە کۆبوونەوەکە باس دەکرێت وەکوو نهێنی دەپارێزرێت.

# ئینترەن لە کوێ هەیە؟

هەرکات تۆ ئەم نیشانەت لە شوێنەکانی وەرگرتنی گشتی بینی، ئەوا لەوێ کەسێک دەتوانێ بە زمانی خۆت یارمەتیت بدات.

بۆ نموونە، ئەمانەی خوارەوە هەندێک لەو خزمەتگوزاریانەن کە دەتوانن بە یارمەتی وەرگێڕێ زارەکی لەگەڵ تۆ قسە بکەن:

- پزیشکەکان
- داروسازەکان
- خانووبەرە
- خوێندنگەکان
- پۆلیس
- نەخۆشخانەکان
- خزمەتە کۆمەڵگاییەکان
- کتێبخانە

بۆ خزمەتگوزاریەکانی تر، ئەگەر دلنیا نەبووی کە ئایا ئینترەن هەیە، تکایە کارتی ئینترەنی خۆت پیشان بدە یان لە ئەندامی کارمەندان بپرسە کە ئایا دەتوانێت داوای وەرگێڕی زارەکی بکەیت.

# ئەگەر پیویستت بە بەکارهینانی ئینترەن هەبوو دەبێت ئەم کارانەی خوارەوە بکەی

- زمانەکەی خۆت بە ئەندامی کارمەندان بڵێ

یان

- کارتی ئینترەنی خۆت پیشان بدە

یان

- پۆستەرێکت پێ پیشان ئەدریت کە دەتوانیت لە سەری زمانەکەی خۆت دەستنیشان بکەیت.

پاشان

- چاوڕێ بمێنەوە تا ئەوان تەلەفۆن بکەن بۆ وەرگێڕێکی زارەکی.
- چیت پێویستە لە سەر تەلەفۆنەکە بە وەرگێڕە زارەکیەکە بیڵێ.
- ئەگەر پێویستت بە زانیاری کورت هەبێت ئەوا دەکرێت بە یارمەتی وەرگێڕی زارەکی لە ڕێگای تەلەفۆنەوە ڕوونی بکەیتەوە.
- ئەگەر پێویستت بە دانانی وەعدێکی تایبەت هەبێت ئەوا ڕێکەوت و کاتێکت بۆ دیاری دەکرێت. ئاساییانە وەرگێڕی زارەکی بە شێوەی ڕوو دەر ڕوو لە شوێنی وەعدی تۆ ئامادە دەبێت، بەڵام هەندێک جار لە ڕێگای تەلەفۆنەوە لە مەوعیدەکە بەشداری دەکات.